## کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی

ئەم کتێبە نووسراوەی مامۆستا محەمەد سالح ئیبراهیمی یە کە بە بێ نەزم و ڕێک و پێکی، دەیان بابەتی جیاوازی تێدا گردوکۆ کراوە.

هۆی هێنانی ناوی کتێبەکە لێرەدا ئەوەیە نووسەر هەندێ زانیاریی لەسەرگوندی گاگەشی مەنگوڕان و چەند گوندێکی دەوروبەری بۆکان نووسیوە کە ئەو گوندانە بابەتی بۆکان دەگرنەوە. لێرەشدا ئەم کارە بە ڕێک و پێکی نەکراوە و دوای شنۆ و گاگەش نووسەر گەیشتۆتە سەر گوندی سێوەدین و سەردەراباد ئینجا بازی داوەتە سەر سەردەشت و گەڕاوەتەوە مەنگوڕایەتی و پاشان بۆکان.

ئەوانەی بابەتی ئێمە بگرنەوە بریتین لە :

سێوەدین (لاپەڕەی ١٤٢)، سەردەراباد(١٤٣)، تەرەغە (١٤٦) و ئیساکەن (١٤٦). زانیارییەکان لە چەند دێڕ تێ ناپەڕن کە شوێنایەتی جوغرافیایی و حەشیمەت و ئیش و کاری ئابووری خەڵکی گوندەکان دەگرنەوە.

محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)، کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی، جلدی سێهەم، چاپ دوەم، نشر مستوفی، تاران، ٢٠٠١، ١٧٩ لاپەڕە (کوردی)